کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

21-9-2007 19:26:43وروپاندی ئەکاتی ناوەبە

**ئەمە پەرلەمانی کوردستانەیان عەرەبوستانە؟ :;..هیوا موحەمەد**

هەر سیاسەتمەدارانی کورد خۆیان زۆرجاران دەڵێن کەبەداخەوەڕەخنەگری وامان نیەڕەخنەی زانیارانەو گونجاو بگرێتو بتوانێ شتەخراپەکان بگۆڕێت ، یان دەڵێن هەندێ کەس بۆ ناو دەرکردن شت دەنووسن ... ئاخر ئەگەر نووسین لەبەرامبەریدا پارەوەربگیرایەئێستا نووسەرانی کورد لەهەموان دەوڵەمەند تر دەبوون چونکەڕۆژانەئەوەندەکەرەستەهەن کەهەر نووسەرێک دەتوانێ چەند ووتاری لەبارەوەبنووسێت .ئەگەر لێپرساوێک هەڵەبکات یان بەڕێوەبەرێک ئەوەسکاڵاکەی لای سەروتر لێ دەکرێت ، بەڵام ئەی ئەگەر پەرلەمانێک و هەموو ئەندامەکانی بەهەڵەبڕۆن و هەمووشی لێی بێ دەنگ بن دەبێ بڵێین چی ؟لەڕۆژی 19-09-07 بەدووبارەیی لەتەلەفزیون دانیشتنی پەرلەمانم دیت کەدەربارەی دانانی یاسای داد و دادوەری دەئاخافتن.. من کارم بەوەنیەکەیاساکان باشن یان خراپ ئەوەکاری شارەزایانی ئەو بوارەیە، بەڵام لێرەدا هەندێ لەو ووشە( عەرەبیانە) دەنووسم کەقسەکەرەکان ( پەرلەمانتێرەکان ) لەکاتی ئاخافتندا بەکاریان هێناوەئەمە( بەحساب ) بەکوردی قسەیان دەکرد.. سەرۆکی پەرلەمەن : ضبط محکمە، حزبی و سیاسی ، تعهد ، ئەو جملەتئید دەکەم ، کەبوو بەحاکم دەبێت ئنتمای حزبی ....

پەخشان زەنگەنە:رفعی عومر ، تعیینی سومعەوسیرەی حەسەنە، عمەل سیاسی بکرێتەعمل حزبی ، بۆ ئغراضی علاوەو ترفیع ، خدمەی علاوەمحسوبە، خدمەی تعلیم ، محقق عدلی .

فاروق ( پەرلەمانتار ) :لجنەی قضائی ، موضف حکومی ، خدمەی قضآئی ، معاون قضائی ، محقق عدلی ، ئمتحان شفوی و تحریری ، اضافەبکرێت ، ممارسەی حزبی و سیاسی ، معهدی قضائی ، خریچ معهد قضائی معقول نیەو منطق نیە.

نورەدین : قانون معهد قضائی ، موضفین حکومیین ، فقرەیەک اضافەبکرێت .ممارسەی تشریع و ممارەسەی قضا..

یەکێکی دیکەشتی دەخوێندەوەدەیووت نوقتەیەکی دیکەهەیەدەڵێ ( دەی کردەعەرەبی ) هەروەها پاشان دەڵێ ( بەعەرەبی ) خاڵێکی دیکەهەیە( بەعەرەبی )

پەرلەمانتارانی نوێنەری ئێمەو ئارەقی ناوچاوانی ئێمەبۆ لەکاتی گفتوگۆی چڕدا خۆتان لەبیر دەچێتەوەو زمانی بێگانەبەکار دێنن ؟ مرۆڤ چۆن لەڕووی بێت بڵێت پەرلەمانی کوردیمان هەیەئەگەر بەزمانی عەرەبی قسەبکەن ؟ ئەگەر لەناو ئەو هەموو پسپۆرانەی زماندا کەسانێک نەبن ( بەڕای ئێوە) ووشەعەرەبیەکان وەرگێڕنەسەر کوردی ئیتر پەرلەمانی چی ، (دەستووریشتان ) نووسیەوەبەعەرەبی و ووتان دەقەکان عەرەبی بوون بۆیەئەو گرفتەمان هەیە.. باوەڕ بفەرموون کەسێکی عەرەب لەقسەکانتان تێ دەگات کەبەکوردیی عەرەبی قسەدەکەن ، ئێوەچۆن دەتوانن پیشانی بدەن کەکورد دەبێت پەرلەمانی خۆی هەبێت کەنەیسەلمێنن زمانی جودای خۆی هەیە؟ کاتێ زمانی کوردی بڵند دەبێت و خەسڵەتی نەتەوەیەکی جودای لەعەرەب پێوەدیار دەبێت کەلەکاتی ئاخافتندا عەرەبێک یەک ووشەی لێ تێنەگات ، بەڵام ئەگەر عەرەبێک ووتی ئەوەچ کوردیەکەخۆ من تێ دەگەم باسی چی دە

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

ئەوروپاندی ئەکاتی ناوەبە 21-9-2007 19:26:43

کەن ئەوەناتوانین بڵێین زمانی کوردی خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیەو لەزمانەکانی دراوسێکانمان ناچێ .. ئەی ڕۆشنبیرەکانی ناو پەرلەمان خۆ هەمووتان خەڵکی گوند و شارەکانی کوردستانن و کە ستان لەهۆڕەکان لەدایک نەبوون ئیتر ئەم عەرەبی بەکار هێنانەچیە؟ پێتان وایەبەوەپێتان دەڵێن زیرەکن ؟جا ئەگەر وابێت ئەوەی ئینگلیزی بزانێت لەهەمووتان زیرەک ترە!!!